# دیاریی نەورۆز لە "باسەرە"وە بۆ منداڵانی کەرکوک

## پۆلا سەعید

لە ژمارە "45"ی رۆژنامەی "باسەرە"دا رێکەوتی 17.03.04 لە لاپەرە "8"دا. هۆنراوەیەکی پیرەمێردی نەمریان لەگەڵ وێنەیەکی "کاوەی ئاسنگەر"دا کردووە بە دیاریی رۆژی نەورۆز بۆ منداڵانی کەرکوک. " ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە، جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشیی و بە هاتەوە" پەیکەرەکەی کاوەی ئاسنگەر بە خۆی و چەکووشێکەوە کە داویەتی بە دەفەی شانیدا و بە دەستی چەپیشی کەللەی زوحاکی هەڵگرتووە. ئاخۆ کارمەندانی باسەرە و سەرنووسەری باسەرە دەزانن لەم کارەیاندا چ تاوانێکیان بەرانبەر بە مێژووی کورد و بەرانبەر بە منداڵانی کەرکوک کردووە؟ لەو باوەرەدام ئاگایان لە "با"ی بەربانیژە نییە و ئێستاش نازانن نەورۆز چییە، ناسینەوەی نەورۆز لای ئەو بەرێزانە تەنها لە یەکی خاکەلێوەوە دەناسن کە بیست و یەکی سێ دەکات پاشانیش لەگەڵ دەنگی زوڵاڵی حەسەن زیرەکدا نەورۆزیان بیردەکەوێتەوە و ئەفسانەیەک دێتە ئەندێشەیانەوە و نەورۆز لە روانگەی کاوە و زوحاکدا دەبیننەوە. بەم شێوەیەش دەیانەوێت سەر لە منداڵانی کەرکوکیش بشێوێنن و ئەوانیش پێ لەو ئاوە بنێن کە کارمەندانی باسەرە بە هەڵە پێیان لێناوە. ئەو تابلۆیەی کاوەی ئاسنگەر کە باسەرە کردوویەتی بە دیاریی رۆژی نەورۆز، پەیکەرەکەی سەر شەقامی تووی مەلیکە کە لە فوولکەکەی تووی مەلیک نێوانی هەردوو گەرەکی ئیبراهیم پاشا و ئیسکان دانرابوو. لە دوای ناوەراستی هەشتاکاندا خوێندکارێکی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بە ناوی " کۆسار"وە و دوو خوێندکاری تری هونەرەجوانەکان دروستیان کرد و لەسەر رەزامەندی پارێزگاری سلێمانی شێخ جەعفەر " شێخ چۆپی" ئەو سەردەمە لەو فولکەیەدا دانرا. بێگوومانم لەوەی کە ئەو هونەرمەندە بە توانایە هەمانکات هەر ئەوەندەی برایانی باسەرە شارەزای جەژنی نەورۆز بوو بۆیە بیری لە دروستکردنی پەیکەری کاوەی ئاسنگەر کردبۆوە. سەمەرەش نییە ئەم بیرکردنەوەیە منیش وەک خۆم هەتا تەمەنی بیست و پێنج ساڵیی هەمان بیروبۆچوونم هەبوو، هەتا چاوم بە هەندێ سەرچاوەی مێژوویی کەوت و هاتمە سەر ئەو باوەرەی کە کاوە فارسە و زوحاک کوردە و رێکەوتنی سەرکەوتنی کاوەش بەسەر زوحاکدا بەهیچ شێوەیەک پەیوەندیی‌یان بە نەورۆزەوە نییە. بەڵکوو ناحەزانی کورد بەپێی تێپەربوونی رۆژگار مێژووەکەیان لە گەلی کورد شێواندووە، بە تایبەتی نەتەوەی فارس. لێرەدا بۆ ئەوەی منداڵانی کەرکوکی زێری رەش بە پەیکەرە دیاریی‌یەکەی باسەرە چەواشە نەبن، لەبری برایانی باسەرە روونکردنەوەیەکیان دیاریی دەکەین.

www.kurdistannet.org

## بۆ منداڵانی کەرکوکی زێڕی ڕەش

# ڕۆژ و مانگ و ساڵ و وەرزەکان:

لەلای زۆربەی ئایینەکانی دیکەی تر پێیان وایە ئەم پلانێتە بە شەش شەو ڕۆژ لە لایەن خوداوە دروستکرابێت، بەڵام لەلای زەرتەشتییەکان نەخێر، ئەوان لایان وایەکە ئەم پلانێتە بە شەش جار دروستکراوە،" **ئاسمان، ئاو، زەویی، ڕووەک، گیانەوەر، مرۆڤ**" بێگومان ئەم دروستکردنەش ماوەی دوور و درێژی لە نێواندا بووە. هەر بۆیە زەرتەشتییەکان مێژووی مرۆڤ لە ڕۆژی لەدایک بوونیەوە ئەنووسنەوە و گرنگییەکی زۆری پێ ئەدەن و بە سەری ساڵی نوێی مرۆڤی دائەنێن، دوانزە مانگەی ساڵ بە ناوی فریشتەکان و یاریدەدەرەکانیانەوە بووە کە پێیان ئەڵێن " ئەشاسپندان و ئیزدانەکان"

ئارییەکان پێش ئەوەی بێنە خاکی ئێرانەوە، لای ئەوان ساڵ دوو وەرز بووە هاوین حەوت مانگ و زستان پێنج مانگ بووە، پێیان وتووە هاوینی گەورە و زستانی گەورە پاش هاتنیان بۆ ئاسیای ناوەڕاست "ئێران" ساڵ بۆتە چوار وەرز بە شێوەیەکی گشتی 365 ڕۆژ و 6 کاتژمێر بووە، لە کۆندا لای ئەوان ساڵ 12 مانگ بووە هەموو مانگێ 30 ڕۆژ بووە بەم شێوەیە ساڵ ئەکاتە 360 ڕۆژ و 5 ڕۆژەکەی کە بەناوی پێنج پەنجەی دەستەوە ناویان ناوە، هەر ڕۆژە و ناوێکی هەبووە، کە مانگێ 30 ڕۆژ بووە لای زەرتەشتییەکان زۆر گرنگ بووە،

وەرزەکان: بەهار، هاوین، پاییز، زستان. لە فەرمانڕەواییی ساسانیەکاندا سەبارەت بەو شەش کاتژمێرە زیادەیە بەم شێوەیەیان لێکردووە لە هەر 120 ساڵێکدا ئەو 6 کاتژمێرەیان کۆکردۆتەوە کە 1 مانگی کردووە بەسەر 120 کەدا دابەشیان کردووە بەم شێوەیە سەرەتای ساڵیان بە سەرەتای وەرزی بەهار داناوە، کە شەو و ڕۆژ بەرانبەر یەک ئەوەستن ئەم ڕەوشتە هەتا هاتنی لەشکری ئیسلام بۆ ناوچەکە بەردەوام بووە.

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

* **جەژن**: واژەی جەژن لە وشەی یەسنای ئاڤێستاوە هاتووە بە واتای پەرستن و ستایش، جەژنەکان لە کۆندا بۆ خۆشی و شادیی بووە، ستایشی ئاهورامەزدا بە سروود وتراوە لە پەرستگاکاندا. لە جەژندا سەردانی پیاوە ئایینییەکان کراوە و یارمەتیی هەژارانیان داوە جەژنەکان سێ جۆر بوون، جەژنی مانگانە، جەژنی ساڵانە، جەژنی جۆراوجۆر بەم شێوەیەی خوارەوە:

**1. جەژنی نەورۆز**: ئەم جەژنە ئەکەوێتە یەکەمین ڕۆژی ساڵەوە، یەکەم ڕۆژی فەروەردینە پێی ئەوترێت "هرمزد" کە ناوی پیرۆزی ئاهورامەزدایە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی جەژنی نەورۆز ئەوەیە کە لە مانگی فەروەردینادایە ئەو ڕۆژەیە کە مرۆڤی تێدا دروستبووە، لەم ڕۆژەدا فریشتەکان بۆ دیدەنی پیاو چاکان ئەچن، ئاگر لە هەموو جێگایەک دەکرێتەوە.

**2. جەژنی شەشەمینی فەروەردین**: ئەم ڕۆژە ڕۆژی خۆرداری ناوە ڕۆژی شەشەمینی مانگی فەروەردینە ئەو ڕۆژەیە کە زەرتەشتی تێدا لەدایک بووە، ئەم ڕۆژە بۆ زەرتەشتییەکان گەلێک

گرنگ و پیرۆزە لەم ڕۆژەدا جەژنی لەدایک بوونی زەرتەشت دەکرێت کە بە ساڵی زاینی ئەکەوێتە بیست و حەوتی مارتەوە.

3. **گەهبار:** ئەم جەژنە جەژنێکی گەورەی خواردنی کفتەیە.

4ـ **تیر:** جەژنی ئاوپرژێنیشی پێدەڵێن لەم ڕۆژەدا کە "تیر"ی ناوە لە مانگی تیردایە زەرتەشتییەکان ئاو بە یەکدیدا دەکەن، لە ئاینی بودادا شتێکی وا نزیک هەیە کە هەتا ئێستاش لە ناویاندا بە داب و نەریت ماوەتەوە لەم مانگەدا ئاو بە یەکدا دەکەن پێ ئەچێت لە زەرتەشتییەکانەوە وەرگیرابێت.

5. **مەهر:** ئەم ڕۆژە ڕۆژی ڕاستەقینەی سەرکەوتنی کاوەیە بەسەر زوحاکدا، لە دوای زوحاک "فەرەیدونی کوڕی ئابتین" کە لە بنەماڵەی جەمشید بوو کرا بە پاشای ئێران، ئەم ڕۆژە و ئەم جەژنە لە ڕۆژی مەهر ئێزدەدایە، ئەم یادە لە دووسەد هەمین ڕۆژی ساڵدایە. لە ڕاستییدا ڕۆژی سەرکەوتنی کاوە بەسەر زوحاکدا فڕی بەسەر نەورۆزەوە نییە، پێویستە بۆ لەمەودوا چدی ئەو هەڵەیە دووبارە نەبێتەوە و منداڵانمان بە هەڵەدا نەبەین. هەرچەندە ئەم جەژنە جەژنی فارسەکانە نەگ جەژنی کورد، بەڵام بەوپێیەی هەردوو نەتەوەی کورد و فارس پێکەوە دەستەڵاتی وڵاتی مادیان بردووە بەڕێوە هەمانشێوە ئەوکات کوردیش بەشداری ئەم جەژنەی کردووە. ئێستا لەم سەردەمەدا کورد بە پێویستی نازانێت ئەم ڕۆژە بکات بە جەژنی خۆی.

6. **جەژنی سەدە:** ئەم جەژنە لە دەیەمی مانگی بەهمەندایە و پەنجا و پێنج ڕۆژ پێش جەژنی نەورۆزە، یەکێکە لە کۆنترین جەژنەکان، لەم ڕۆژەدا هۆشەنگ ئاگری دۆزیوەتەوە.

بێجگە لەم جەژنانە جەژنی دیکەی تر هەیە ئەویش جەژنەکانی دروستبوونی ئاسمان، ئاو، زەوی، گیا، ئاژەڵ و جانەوەر، مرۆڤ.

1. جەژنی دروستبوونی ئاسمان: لە چل و پێجهەمین ڕۆژی ساڵدایە،.
2. جەژنی دروستبوونی ئاو: لە سەد و پێنجهەمین ڕۆژی ساڵدایە.
3. جەژنی دروستبوونی زەوی: لەسەد و هەشتا هەمین ڕۆژی ساڵدایە.
4. جەژنی دروستبوونی گیا: لە دووسەد هەمین ڕۆژی ساڵدایە،
5. جەژنی ئاژەڵ و جانەوەر: لە دووسەد و نەوەتهەمین ڕۆژی ساڵدایە.
6. جەژنی دروستبوونی مرۆڤ: لە سێ سەد و شەست و پێنجهەمین ڕۆژی ساڵدایە.

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ برایانی باسەرە. دەبێت کێ بێت شانازیی بە بێگانە و بە داگیرکەرانی خاکییەوە بکات. کاوە بۆ کورد داگیرکەرە و لەگەڵ لەشکرەکەی فەرەیدووندا بوونەتە هۆی تێکشکانی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی کوردیی. نەورۆز جەژنێکی نەتەوەییی و جەژنێکی ئاییني و جەژنی سەری ساڵی تازەی زەرتەشتییەکانە. نەورۆز جەژنی نەتەوەی کورد و فارس و ئەفغانییە.

سەرچاوەکان:

1. شەرەفنامە " شەرەفخانی بەدلیسیی"
2. کورد و کوردستان " شێخ محەمەدی مەردۆخیی"



www.kurdistannet.org

3. کورد و کوردستان " ئەمین زەکی بەگ"

4. زەرتەشت " عەبدوڵڵا قەرەداغیی"

دووی خاکەلێوەی 2704

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org